# ئاماژەکانی سۆفیگەریی لە شیعرەکانی(حەریق)دا

**هیمداد حوسێن بەکر [١]، ڤیان عەباس ئیسماعیل [٢]**

[١،٢] بەشی کوردی، کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە جەخت دەکاتە سەر ئەو وێنە و هەستە دەروونییانەی، بوونەتە سەرچاوەی شیعری تەسەوف و هۆکارێك بۆ جوانی دەق و گەیاندنی پەیامێکی دیاریکراو لە شیعری کلاسیکدا، کە بەشدارییەکی سەرەکی لە مەبەستە شیعرییەکاندا هەبووە، هەروەها کاریگەریی لەسەر پێکهاتەی بنیاتی دەق و جیهانبینی شاعیرەوە هەیە،هەنگاوێکە بۆ ناساندن و نیشاندانی ئاماژە و وێنە شیعرییە تەسەوفەکانی شاعیری کلاسیکی کوردی حەریق. حەریق،یەکێکە لە شاعیرە ناسراوەکانی سەردەمی کلاسیکی ئەدەبی کوردی لە سەدەی نۆزدەهەمدا ژیاوە(1856-1909ز)، زۆربەی توێژەران بە درێژەپێدەری قوتابخانەی شیعریی بابان ناوزەدی دەکەن.شیعرەکانی حەریق بە قووڵی و ناوەڕۆکی سۆفیگەریی ناسراون، بێگومان گەڕانەوە بۆ ئەدەبی کۆن بە گشتی و ناوەڕۆکی سۆفیگەریی بەتایبەتی هەوێنی داهێنانی تایبەتە بۆ بەشێك لە ژانرە ئەدەبییەکان، بە تایبەتی شاعیرە کلاسیکییەکانی ئێمە وەکو شاعیر و بەهرەمەندەکانی تری ڕۆژهەڵاتیی موسڵمان پەروەردەی ڕۆشنبیریی حوجرەن و زانستە ئیسلامییەکان و سۆفیگەریی بەشێکی زیندووی باوەڕ و خورپەی شیعریی و هەوێنی شیعری کلاسیکیی کوردیی ئێمە پێکدێنن. ئەم توێژینەوەیە گرنگی (حەریق) وەك شاعیرێکی پەروەردەی ئەو ڕۆشنبیرییە ئەگەر نەشتوانین ناسنامەی شاعیرێکی سۆفیشی لێبنێین"لەلایەك نکوڵی لەوەش ناکرێت،کە چەندین ئاماژە و زاراوەی سۆفیانەی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، ئەمەش پێگەی ئەو لە نێو ڕەوتی سۆفیزمی کوردیدا دەستنیشاندەکات، ئەگەرچی بوونی حەریق وەکو شاعیرێکی سۆفیگەر هەتاکو ئەمڕۆش یەکلایی نەبۆتەوە، زیاتر توێژەرانی کورد تەنیا لە غەزەلەکانی ئەویان کۆڵیوەتەوە،بەڵام لەم توێژینەوەیەدا زیاتر جەخت لەسەر لایەنێکی شاراوەی شیعرەکانی ئەو دەکەینەوە، ئەویش هەندێك لە ئاماژە و دەستەواژە و مانا سۆفییانەیە،کە لە شیعرەکاندا نیشاندراوە.لەم تۆژینەوەیەدا میتۆدی تەواوکاری(النقد التكاملي) بەکارهاتووە.لە کۆتاییدا دەردەکەوێ بەکارهێنانی چەندین ئاماژەو ڕەهەندی سۆفیگەریی لە شیعرەکانیدا شارەزایی شاعیر لەو بوارەدا دەردەخات.

**وشە سەرەکییەکان:** سۆفیگەریی،ئەدەبی کلاسیك، حەریق، ڕێباز، زاهید.

## پێشەکی [1]

شیعری سۆفیگەریی بەشێکی گرنگ و بەرچاوە لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی، وەک لقێکی گرنگی ئەدەبی ئایینی، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پەرەپێدانی کلتوور و ئەدەبی کوردیدا هەبووە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات تیشک بخاتە سەر لایەنە جیاوازەکانی شیعری سۆفیگەری لە شیعرەکانی حەریقدا، لەم نێوەندەدا، حەریق وەک یەکێک لە شاعیرە دیارەکانی سەردەمی کلاسیک، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە پەرەپێدان و دەوڵەمەندکردنی ئەم جۆرە شیعرەدا، لەم توێژینەوەیەدا، لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا سەرەتا چەمکی سۆفیگەریی وناساندنێکی پوخت دەربارەی سۆفیگەریی دەخرێتەڕوو دواتر پێشینە و کورتە مێژوویەک دەربارەی سۆفیگەری، ئنجا پەیوەندی لەگەڵ ئەدەبدا شیدەکرێتەوە. لە بەشی دووەمدا، شیکردنەوەیەکی وردی شیعرە سۆفیگەرییەکانی (حەریق) پێشکەش دەکرێت، لەگەڵ تیشک خستنە سەر وێنە و دیمەنە سۆفیزمەکان و زمانی تایبەتی سۆفیگەری، کە لە شیعرەکانیدا بەکارهاتوون، لێرەدا سەرنج دەخرێتە سەر ژینگەی کۆمەڵایەتی و کلتووری ئەو سەردەمەی، کە (حەریق) تێیدا ژیاوە و چۆن ئەم فاکتەرانە کاریگەرییان لەسەر بەرهەمەکانی هەبووە.

سەبارەت بە ئەنجامدان و ڕێکخستنی کارەکانی توێژینەوەکەش پەیڕەوی میتۆدی تەواوکاری(النقد التكاملي) کراوە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە،کە تێگەیشتنێکی قووڵتر لە ڕۆڵی (حەریق) لە پەرەپێدانی شیعری سۆفیگەری کوردی بدات بە خوێنەر، هاوکات گرنگی و کاریگەری شیعرەکانی لە ئەدەبی کوردیدا ڕوون بکاتەوە، کەواتە کێشەی بابەتەکە خۆی لە خۆیدا بریتییە لە تێگەیشتن لە شیعری سۆفیگەریی کوردی و ڕۆڵی حەریق لە گەشەپێدانی ئەو ژانرەدا، کە بەشێکی گرنگە لە میراتی ئەدەبی و کلتووری کورد.

## ١. چەمك و مێژووی سەرهەڵدانی سۆفیگەریی لە کوردستاندا:

### ١.١ چەمك و زاراوەی سۆفیگەریی

سەرەتا ئەگەر لە خودی فەلسەفەوە دەست پێبکەین و لە واتا و ناوەڕۆکی زاراوەی فەلسەفە بکۆڵینەوە دەبێت بڵێین، کە "فەلسەفە بە واتا باوەکەی واتە ڕامان و هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکان و قووڵ بوونەوە لە بابەتە هزرییەکان، ئاخاوتن سەبارەت

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٩، ژمارە ١ (٢٠٢٦)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٤ تشرینی دووەم ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ٦ کانونی دووەم ٢٠٢٥
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٥ ئادار ٢٠٢٦ بڵاوکراوەتەوە
ئیمەیڵی توێژەر: vian.esmai@su.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٦ ڤیان عەباس ئیسماعیل، هێمداد حوسێن بەکر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp203-211

بە بنەماکانی ژیان و ڕەوشت، گەردوون و باوەڕ، دیاردەکان و چارەنوسی مرۆڤ"(وەسمان:11:2013) سۆفیگەری ڕێچکەیەکی مەعنەوی و عیرفانییە لە ناو ئاینی ئیسلامدا ، کە بایەخ بە لایەنی ناخ و ڕووحیەتی ئاین دەدات و وردبوونەوەیە لە کردە و کارەکانی کردگار، ڕێگایەکە بۆ گەیشتنی مرۆڤ بە پلەی حەق، لە ڕاستیدا فەلسەفە وەکۆزانستێك کاری گەڕان بوو بە دوای کردگار"ئەگەر فەلسەفە لەگەڵ عەقل و لۆجیك قسە بکا لەو کاتەی لە کردگار دەگەڕێ، سۆفیزم بە دوای خەیاڵ دەکەوێ لە دڵ و بەگیان لە کردگار نزیك دەبێتەوە لەدوای بڕینی چەند قۆناغێك بە خەون، لەدوا قۆناغدا دەگاتە کردگار و تێکەڵی دەبێ و دەبن بە یەك"(خەزنەدار:2004، 21) ، ئنجا دوورکەوتنەوە و تەرککردنی هەموو خۆشی و ڕەفاهیەتەکانی دونیا و خاڵیبوون لە حەز و ئارەزووەکانی خود و چوونەژێرباری گۆشەگیری بە گشتی هەروەها بیرکردنەوەیەکی قووڵی سۆفیانە و تەنها ئەوەی جێگای خۆی دەگرێت لە دڵ و دەروونیدا تەنها خالقە و لەو ڕێگەشەوە گەیشتنە بە پلەی حەق، بۆ ئەوەش خوای گەورە لە چەندین شوێنی جیاوازلە قورئانی پیرۆزباسی زاڵبوونی تاك دەکات بەسەر دەروون و خودی خۆی و دوورکەوتنەوە و دەستهەڵگرتن لە تاوان و خراپەکاری و گەڕانەوە بۆ چاکە و چاکەکاری و پەرستنی تاك و تەنیا"وقیل اللذین اتقوا ماذا انزل ربکم قالوا خیرا للذین احسنوا في هذه الدنیا حسنة و لدار الاخرة خیر و لنعم دار المتقین"(النحل:30)،واتە ئەوەی لە دونیادا بوونی هەیە هیچ خێر و بێریکی بۆ ئێوە نییە ئەوە نەبێ، کە لە دونیاکەی تردا خێر و بەرەکتدارە بۆخواپەرستان.

بیر و ڕای جیاواز دەربارەی چەمك و زاراوەی سۆفیگەریی لە ئارادان، هەریەك لە توێژەر و لێکۆڵەران لە گۆشەنیگای تایبەتیی خۆیانەوە بۆ زاراوەکە دەڕوانن و چەمکی سۆفیگەری شیدەکەنەوە. "یەکێك لەو بۆچوونانە پێیوایە، کە صوفی لە وشەی الصوف هوە وەرگیراوە،کە وشەیەکی عەرەبییە بەواتای خوری دێت، لەبەرئەوەی بەهۆی لەبەرکردنی بەرگی خورییەوە ناوی سۆفی هاتووە، چونکە لەبەرکردنی جل و بەرگی خوری ڕەوشتی پێغەمبەرەکان و وەلی و پیاو چاکانە"(عوالقادر:2018، 4) واتە سەرچاوەی وشەکە عەرەبییە و لەبەرئەوەی وەلی و پێغەمبەران لە ئەولیا و پیاوچاکان بوون جلوبەرگەکانیشیان وەکو جلوبەرگی ئاسایی نەبوو، خوری، لەگەڵ ئەوەش مەرج نییە ئەو بۆچوونە تەواو و دروست بێت، چونکە لەسەردەمانی زوو خوری سەرچاوەی سەرەکی جلوبەرگی خەڵك بووە بە گشتی، واتا هەم پیاوچاك و پێغەمبەران هەمیش خەڵکانی ئاسایی.

هەروەها بوشرا کەسنەزانی و سەباح بەرزنجی بۆ تەسەوف بەپێی پیتەکانی زاراوەکە و وشەی گونجاو و تەریب بە پیتەکانی زاراوەکە پێناسە دەکەن، دەڵێن: "تەسەوف جوامێر و مێرخاسی و فوتووەتە و جوانمەردییە، پیرانی تەریقەت فەرموویانە: جەوانمەردی شەش شتە: جیم لە جوودەوە هاتووە، واو لە وەفاوە، ئەلف لە ئەمانداریتیەوە، میم لەمروەتەوە، ڕێ لە ڕەحمەتەوە، دال لە دیانەتەوەیە، هەرکەس ئەم شتانەی تێدا نییە، ئەوا هیچی لە جەوانمەردی بەرنەکەوتووە"(کەسنەزانی و بەرزنجی:٢٠٢٣:٢١)، بەکورتی، زاراوەی سۆفیگەریی لە زمانی کوردیدا ڕەگی ئەو چینە ڕۆحی و ئەدەبی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتییەی لە زمانی کوردیدا بەردەستە.

بۆچوونێکی دی هەیە دەڵێت:" سۆفیگەریی لە صیفە وە هاتووە، کە بەو کۆمەڵە موسڵمانانە دەگوترا،کە لەپاش دەرکردنیان لە مەککە بۆمەدینە کۆچیان کرد" (ابراهیم:1992:65)، هەروەها هەندێکی دی پێیانوایە، کە لە (صف)ەوە هاتبێت واتە ( ڕیز)" لەبەرئەوەی سۆفییەکان هەردەم لەڕیزی یەکەمدان لەبەر قاپی خودا"(فتاح:2000:61). ئەوەش لەبەرئەوەی موسڵمانان هەردەم لەکاری چاکەدا لە ڕیزی پێشەوەی مرۆڤەکانن. "سۆفییەکان شارەزاییان لە زانستی وردبینی و خوێندنەوەی مرۆڤدا، لە ڕێگەی سەروسیما و ڕوومەت و شێوەیەوە هەیە و ئەدەبی سۆفیایەتی زۆرێك لەو بابەتانەی تێدان، بە باوەڕی سۆفییەکان، ئەولیاکانیان، نەفس و دەروونی باوەڕدار، چاك دەکەن و بیرازدەکەن و پێشیان وایە، ئەو ئەولیایانە، نەك هەر لە ژیانیاندا، بەڵکو دوای مردنیشیان،دەتوانن پەرجوو بنوێنن و کاری ڕیزپەڕ ئەنجام بدەن"(شاکەلی:2019:34)، ئەوەی جێگای سەرنجە، سۆفییەکان پێیانوایە کاریگەریی پیرۆزەکانیان تەنها لە ژیانی زەمینی خۆیاندا سنووردار نییە، بەڵکو پێیانوایە ئەو پیاوچاکانە دەتوانن دوای مردنیشیان موعجیزە بخولقێنن،بۆچوونێکی دی هەیە، دەڵێت: "کە لە وشەی الصفة وەرگیراوە ، لەبەرئەوەی سۆفییەکان خۆیان بە شوێنکەوتن هاوڕێیەتیکردنی ئەو کۆمەڵەیە هاوەڵە بەڕێزانە، کە خەریکی زیکر و یادی خوای گەورە لە چینی گەدا و هەژارەکان بوون لەناو مزگەوتی پێغەمبەر د.خ ئەمانەوە، کە پێغەمبەر د.خ لەخواردن و خێر و زەکات وجلوبەرگی پێئەبەخشین."(عیسی:2007:20)، لە ڕاستیدا بوونی ڕاوبۆچوونی زۆر و جیاجیا بۆ هەر بابەتێك لە دڵنیابوون بۆ گەیشتن بەڕاستی دوورمان دەکاتەوە و وادەکات دەرەنگتر بگەین بە ڕاستی و دروستی شتەکان. هەندێکی دی دەڵێن ((لە "فیلۆسۆفیا"وە هاتووە، کە وشەیەکی گریکییە و ڕەگەکەی هیندییە، لەوشەی "فیلۆس" واتە "دۆستداری" یاخود مەعبەد_پەرستگا) یان حیکمەت ویست وەرگیراوە"(نقشبندی:1985:41)، لە ڕاستیدا وشەی "فەلسەفە" لە یۆنانی کۆنەوە نەک هیندییەوە هاتووە، وشەکە لە دوو بەش پێکدێت، فیلۆس بە واتای خۆشەویستی یان هاوڕێیەتی و سۆفیا بە واتای حیکمەت، بۆیە مانای ڕاستەقینەی فەلسەفە خۆشەویستی حیکمەت یان دۆستی زانستە، کە ئاماژەیە بۆ ئەو کەسانەی، کە بەدوای مەعریفە و تێگەیشتنی قووڵدا دەگەڕێن.

ئەگەرچی هەندێك لەزانایانی تەسەوف پێیانوایە زاراوەکە وەکو زۆربەی زاراوە فەلسەفییەکان پێوەندی بە گریکی کۆن "(سۆفیا sophia ) و سۆفۆس (sophos )ەوە هەیە. وشەگەلێکی گریکین، بەواتای زانایی، زانیاری، عەقڵ، ڕۆشنبوونەوە، حیکمەت دین، بەرامبەر بە (Wisdom) لە زمانی ئینگلیزیدا. وشەی فیلۆسۆفی (philosophi )یش،کە هەر گریکییە و بە واتای :خۆشویستنی زانست،خۆشویستنی حیکمەت،خۆشویستنی عەقڵ، دێت هەر دەگەڕێتەوە سەر وشەی سۆفیا" (شاکەلی:2019:33)، کەواتە ئەو ڕاو بۆچوونانەی لە بارەی جۆراو جۆریەتی سەرچاوەی زاراوەی سۆفیگەریی وادەکات توێژەر لە ڕێرەوە ڕاستەقینەکە لابدات و ڕێگای کارەکەی لێ ون بێت، بەڵام ئەوەش هۆکارێکە بۆئەوەی بتوانێت باشترین و گونجاوترین بدۆزینەوە بۆ ئەوەی ببێتە جێگای قبوڵکردن و وەرگرتنی لەلایەن وەرگرەوە، لەبەرئەوە هەموو ئەو بۆچوونانەی لەوەو پێش باسکران دەکرێت یەکێکیان وەکو بەڵگەیەك بخەینە بەردەست و ببێتە مایەی ڕەزامەندی.

بۆ پێناسەی زاراوەی سۆفیگەریی زانایانی ئەم ڕێبازە پێناسەی زۆر و جۆراوجۆریان خستووەڕوو، کە هەر یەکێکیان دەکرێت بڵێین لەچوارچێوە گشتییەکەوە لێی دەڕوانن، کە ئەویش زانین و مەعریفەیە. خۆنەویستییە، وەحدانیەتە، تەرك کردنی دونیا و خۆشییەکانی دونیایە. لە پێناسەیەکدا شیخ امین الکردی (ئەربیلی) لە کتێبی "تنویر القلوب"دا وێنەی درەختێکی لەبیر و زیهنی خۆیدا کێشاوە. ئەو درەختەشی ناوناوە "شریعة"، لقوپۆپی درەختەکەشی ناوناوە "تەریقەت" و بەرهەمەکەشی "حەقیقەت". کاتێک دەڵێت " شەریعەت درەختە،تەریقەت لق وپۆپەکەیەتی وە حەقیقەت بەرهەمەکەیەتی حەقیقەتیش خواناسییە لەڕێگەی دەروونەوە،کە بریتییە لە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp203-211

(تەسەوف)"(نقشبندی: ٨٧:١٩٨٥)، واتە ئەربیلی لەڕێگەی لێکچواندنەوە وێنەیەکی خەیاڵی و وێنەیەکی واقیعی دروست کردووە بەهاوبەشی لەگەڵ فەلسەفەی سۆفیگەری و درەختێکی ڕاستەقینە، کە تێیدا لە چەند سیما و خەسڵەتێکدا هاوبەشییەک لەنێوانیاندا هەیە.

هەروەها لە پێناسەیەکی دیکەدا ابو الحسن شاذلی دەڵێت: "تەسەوف ڕاهێنانی دەروونییە لەسەر بەندایەتی کردن"(محمد: ٨:١٩٩٩)، بەندایتیکردن بریتییە لەوەی، کە مرۆڤ ملکەچ و گوێرایەڵی تەواوی بۆ خودای گەورە ڕابگەیەنێت و بە تەواوی بکەوێتە ژێر فەرمان و دواکارییەکانی، پاشان پەرستن و دوورکەوتنەوە لە شیرک و گوناهـ و تاوان ، سۆفیش بەردەوام کەوتووەتە ژێر باری ئەو بەندایەتییە و لە ژیانیدا هەمیشە سەرقاڵە بە پەرستن و یاد و زیکری خودای گەورە، بەجۆرێک ئەوەندە ناوی الله لە سەر زوبانی گۆدەکرێت بەشێوەیەک ڕاهاتووە بێ ئەوەی ناوی الله بێنێ زمانی دەجوڵێنێ.

گومانی تێدا نییە ئەو کەسەی سەرتاپای ژیانی خۆی بۆ پەرستنی خوای گەورە و ڕەزامەندی خوا تەرخان بکات و لەخەمی سەروەت و ساماندا دەستی بەتاڵە و جەخت لەسەر بەدەستهێنانی رازیبوونی خودا دەکاتەوە. تەسەوف ئەوین و عەشقی خوداییە، ئەویندارێک ئەوینەکەی خۆشناوێت بۆ ئەوەی ماڵی خۆش و جوانی بۆ بکڕێت، ئەوە ئارەزووە و بەرژەوەندییە، ئەویندارێک ئەوینەکەی خۆش دەوێت، چونکە شایستەی خۆشەویستییە لەمبارەیەوە ئیبن عەتا دەفەرموێت:(دڵ شەهوەتی خۆی هەیە، نەفس شەهوەتی خۆی هەیە و ڕۆحیش شەهوەتی خۆی، کە هەموو ئەو شەهوەتانە لەبەهەشتدا کۆکراونەتەوە. شەهوەتی ڕۆح نزیکیە، شەهوەتی دڵ بینین و دیدارە، شەهوەتی نەفس چێژوەرگرتن و لەزەتی ئاسودەییە)(کەسنەزانی و بەرزنجی،2023 ،14). لەبەر ئەوە ئەگەر سەرنج بدەین ئەو سۆفی و عاریفانەی، کە سەربە ڕێبازی سۆفیگەریین لەڕووی باری دارایی و ماددییەوە دەستکورت و هەژارن و لەفارگۆنی خۆشی و دڵخۆشی و خۆشگوزەرانی دونیادا بەجێماون و دواکەوتوون، کەوابێ سۆفی ئەو کەسەیە لەسەر بنەمای هەست و سۆزەوە بڕیار لەسەر ژیانی تایبەتی خۆی نادات و عەقڵ دەکاتە پێوەر و بنەما بۆ دیاریکردنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی، کە خۆشەویستی خودا و قیامەت و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورەیە. "بەم جۆرە دەبینین سۆفیگەریی بەگشتی شارێگەیەکە بەرەو بارەگای مەزنی خودا و وازهێنانە لە جیهانی ماددی و توێشووەکەیشی قنیات کردن و بەری ئەوەیەو دوا قۆناغیشی بینینی هەقە بە چاوی دڵ و ئارامگرتنە لەژێر ئەودا و بەخۆهاتنەوەیە لە دوای (فەنا) دا"(شوان:٢٩:٢٠٠١)، بەم شێوەیە سۆفیگەریی وەک ڕێبازێکی ڕۆحی و فەلسەفی هەوڵ دەدات بگاتە ئاستێکی بەرزتر لە تێگەیشتن و پەیوەندی لەگەڵ خودادا.

## ٢.١ سەرهەڵدان و پێشینەی سۆفیگەری لە کوردستاندا

دەکرێت بگوترێت سۆفیگەریی ئەو ڕێبازەیە، کە بوون و هەبوونی پەیڕەو و پرۆگرامەکانی دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی ئایینە کۆنەکانی پێش ئایینی ئیسلام، وەکو ئایینە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی هیندۆسی و زەردەشتی و هەروەها مەسیحیەتیش لەبەرئەوە" تەسەوف بابەتێکی دێرینی چڕو بەیەکا چووە، سەرەتاکانی بۆ پەیدابوونی ژیان دەگەڕێتەوە لەسەر ئەم زەوییەدا، وەنەبێ تەنیا بەوە بەند بێ و لەوێوە ڕێگەی گرتبێ، بەڵکو دارێکی هێندە بە ناخاچووی ژیانە، ڕەگوڕیشەکانی هەلێ شوێنی گرتۆتەوە بەتایبەتی لەناوئەو گەلانەی، کە خاوەن ژیاریی کۆنن"(عوالقادر:١٢:٢٠١٨)، ئەوەش وایکردووە ڕاو بۆچوونی جیاواز دەربارەی سەرهەڵدان و گەشەکردن و پەرەسەندنی ڕێبازەکە لەئارادا هەبێت. بەشێک لەو بۆچوونانە سۆفیگەریی تەنها بە ئایینی ئیسلامەوە دەبەستنەوە، ئەگەرچی ڕۆژهەڵاتناسەکان " لەو باوەڕەدان، کە سۆفیگەریی لە بنچینەوە لە گیانی ئیسلامەوە لەڕێگای فارسەکانەوە لەهیندیان وەرگرتووە، هەندێکیش دەڵێن لەو کاتەدا پەیدا بووە، کە موسڵمانەکان کیسرایان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و لەڕووی نسەربازییەوە فارسەکان شکان"(شوان:٢١:٢٠٠١). واتە ڕاستە ئەگەر بڵێین بەرنامە و فەرهەنگی سۆفیگەریی بەندە بە ئاین و مەنهەجە ئاینییەکان، بەڵام بۆ سەردەمانی زوو و هەروەها پێش هاتنی ئاینی ئیسلام. (ئاریش هارتمان)ی ئەڵمانی دەیسەلمێنێ، کە " سۆفیگەریی ئیسلامی لەڕێگای میسرا و مانی و جولەکە و مەسیحی و گنوسی و نەو ئەفلاتوونیەوە سەریهەڵداوە، بەڵگەکەشی ئەوەیە، کە زۆربەی سۆفییە پێشینەکان عەرەب نەبوون. وەکو: ابراهیم ابن ادهم، شقیق البلحی، البسطامی......"(شوان:٣٢:٢٠٠١)، هارتمانیش پشتگیری بۆچوونی ڕۆژهەڵاتناسەکان دەکات و ئەو بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە، کە ڕێبازەکە لە ئایینی ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتبێت.

هەروەها هەندێک لە مێژوونووس و نووسەرانی کوردیش پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکەن، کە سۆفیگەریی تەنیا پەیوەست بە ئاینی ئیسلامەوە نییە و بەرنامەکانی، بگرە دوای بڵاو بوونەوەی ئاینەکە نەریتەکانی سۆفیگەریی گەیشتە ناو نەتەوەی عەرەب، بۆنموونە د.مارف خەزنەدار لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەڵێت: "لەناو کۆمەڵی عەرەب لەدوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام، هەر لەدەوروبەری سەردەمی پێغەمبەرەوە دیاردەی(زوهد) لە کۆمەڵی ئیسلامیدا پەیدابوو، ئەم بزووتنەوەیە ڕێی خۆشکرد بۆ سۆفیزم وەک ئیدیۆلۆجیەتێکی تیۆری، لەوکاتەوەی لە تیۆریەوە بوو بە پڕاکتیک لەگەڵ پڕاکتیککردنی شەریعەتی ئیسلام لەلایەن دەستە و دایەرەی خەلیفەکانەوە لەدوای ڕاشیدین و ئومەوی تا سەردەمی فەرمانڕەوایی عەباسییەکان لە بەغدا وەک بزووتنەوەیەکی فیکری و ئیدیۆلۆجی لەناو کۆمەڵدا بڵاو بووەوە"(خەزنەدار:2004:٢١). ئینجا لەگەڵ ئەو بۆچوونانەشدا هەندێکی دی بابەت و مەسەلەی سۆفیگەریی بە ئاینی ئیسلامەوە دەبەستنەوە، بۆ نموونە ئەدیب و شاعیر و ئاکادیمیستی عەرەبی زکی موبارەک "قورئانی بەنزیکترین سەرچاوەی سۆفیگەری داناوە ئەو کتێبەی، کە بە درێژی سەرزەنشتی جیهان دەکا و بەشتێکی پووچی داناوە، هەروەها ژیانی پێغەمبەر ژیانێکی سۆفیانە بووە و ڕایەخی تەنیا حەسیرێکی ڕەق بووە"(شوان :٣٣:٢٠٠١)، موبارەک لەو باوەڕەدایە سۆفیگەریی ئیسلامی ڕەسەنە و بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەشی قورئان و ژیانی پێغەمبەر دەکاتە بەڵگەی سەلمێنەر بەوەی، کە قورئان ڕێنوێنی خەڵک دەکات پشت بکەنە دونیای هیچ و کۆتایی هاتوو ڕوو لەقیامەت بن ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە ژیانی پێغەمبەر، کە ژیانێکی هەژاری و پڕ چەرمەسەری و نەبوونی بووە هەروەکو ژیانی سۆفیگەران و موریدانی ڕێبازەکە، لەبەر ئەوە تەسەوفێک هەیە هەڵقوڵاوی هەناوی ئایینی ئیسلامە، بەڵام ئەو ڕایەش نایسەلمێنێ، کە ڕێبازەکە تەنها لە ئاینی ئیسلامەوە هەڵقوڵاوە و بۆ ئایین و ڕێبازەکانی دی پەلی هاویشتووە.

کوردستانیش هەر لەدوای هاتنی ئاینی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی ئایینەکە لەناو خەڵکدا کەوتە ژێرباری ئاینی ئیسلام و کەوتنە پەیڕەوکردنی پەیڕەو و پرۆگرامەکانی، کە ئەویش زۆر بەدڵسۆزی و گەشبینی ئایینەکەیان وەرگرتووە لەگەڵی تێکەڵ بوون و بەناخیاندا چووەتە خوارێ." هەر کە سۆفیگەریی لەناو مسوڵمانەکان چەکەرەی دەرکرد و بەرە بەرە ڕەگ و پیکی داکوتا و بووە خاوەن بیرۆکەیەکی پرۆگرام و یاسای

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp203-211

تایبەت، لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا بەتایبەتی لە ئێران و عێراق قوتابخانە سۆفیگەرییەکان پەیدا بوون و سۆفییە مەزنەکانی کۆن لەم قوتابخانانەدا سەریان هەڵدا و بیروباوەڕەکانیان بە هەرچوارلادا بڵاوکرایەوە"(شوان:٢٠١٠:٦٩)، ئینجا زۆربەی خەڵکی کوردستان موسڵمانن و لە مەزهەبی سوننیین و سەر بەمەزهەبی شافیعین، بەزۆرینەی تەریقەت و قوتابخانە سۆفیگەرییەکانیش هەر سەربە مەزهەبی سونین،"هەرچەندە پەیوەندی بەڕێبازەکانەوە نییە و شیعی و سونتی دەگرێتەوە،بەڵام زۆربەی کەڵە شێخەکانی تەریقەت سونتی بوون، نابێ ئەوەش فەرامۆش بکەین، کە سۆفیگەریی هەست و سۆزی بەرەو شیعەگەری دەچێت، چونکە هەردوولایان لە سەرچاوەیەکەوە ئاودەخۆنەوە، کە پێغەمبەر و کەس و کاریەتی"(شوان:٢٠١٠:٧٠)، ئینجا لەو ڕێگایەوە چەند تەریقەتێک لە کوردستان و ناوچە جیاوازەکاندا دەرکەوتن، کە هەریەک لە دوو تەریقەتی شیعی بوون ( نیعمەت ئیلاهی و خاکەسەرایی)، کە هەریەکێکیان رابەڕ و شێخێک ڕێبەرایەتی دەکردن.

**٣.١ سۆفیگەریی و پێوەندی بە شیعرەوە:**

ئەگەر بنچینە و بنەماکانی سۆفیگەریی ڕەگ وڕیشەیەکی کۆنی هەبێت و لەسەردەمانی زۆر پێشینەوە سەری هەڵدابێت ئەوا ڕەگ و ڕیشەی شیعر کۆنترە، بەو پێیەی شیعر ژانرێکی ئەدەبی زۆر کۆن لەدەقە ئەدەبییەکانی نەتەوە کۆنەکاندا سەرچاوەی گرتووە وەکو داستانە کۆنەکانی ئەدەبی جیهانی، ئینجا دەبینین پەیوەندییەکی دیالێکتی لەنێوان شیعرو بەتایبەتی شیعری ئاینی و سۆفیگەریدا هەیە، شیعر هەمیشە چۆتەوە سەر ڕێگای عیرفان و عیرفانیش چۆتەوە سەر ڕێگەی شیعر. عاریفان لەماڵی شیعردا سکاڵای خێراشیان کردووە و ساتە خێرا بەخشەکانی جیلوە و حەکایەتی عورفیان گێراوەتەوە*شاعیری سۆفی شیعرەکانی بەهۆی ئەو خوریە و هەست وسۆزو چێژە سۆفیانەی لەدڵیاندا ڕەگی داکوتاوە توانیویەتی مەبەستەکانی خۆی لەناو دڵیەوە بۆ سەر کاغەز بگوازێتەوە و بە وشەی واتاداری عیرفانی بخاتەڕوو، هەمیشە لە ڕێگەی دەربڕینەوە ئەو جۆش و خرۆشەی دڵیان دامرکاندۆتەوە، بەگوێگرتن و لەبەرکردنی شیعر لەحوجرەدا لەدونیای ئەدەبیاتدا نزیک بوونەتەوە، لەبەر ئەوە دەبینین دەرچوانی حوجرە چەندین شاعیری سۆفی و عاریفیان لێ دروست بووە و بەرهەمەکانیان لە پشتی ئاینەوە بۆن و بەرامەی ئەدەبیان وەرگرتووە یان بوونەتە سەرچاوەی داهێنانێکی ئەدەبی.

شاعیری سۆفی دونیای بەلاوە زیندانە و دەرچوون لەم دونیایەدا ئازادبوونە و گەیشتنە بە مەنزڵی مەعشوق، واتە پێوەندی عاشق و مەعشوق لای ئەوان پێوەندی و ڕێککەوتنە لەگەل خودا، کە ئەوان بەیاری ناودەبەن، تێڕوانین و جیهانبینی شاعیری سۆفی جیاوازە لە ڕوئیا و تێڕوانینی شاعیرێکی ئاسایی، ئەوان لەڕوانگەی ئاینیەوە ڕۆح وەکو کائینێکی ئاسمانی دەبینن و لەو زەویەدا جێگایەکی بۆ نادۆزنەوە، ئەگەر هەشبێت بەردەوام لەگەڕاندایە بەدوای ئاسودەیی و ڕۆح و گەیشتن بەو مەنزڵەی لە مەعشوقیان نزیک دەکاتەوە، لەلای شاعیری سۆفی ڕوانین و وردبوونەوە لە یەزدان مەسەلەیەکی ویژدانییە، لەئەنجامی هەڵچوونی دەروونییەوە دروست دەبێت." هەر ئەم حەقیقەتەیە وای لەسۆفی کردووە، ئەو حاڵەتە دەروونییە وەک ئەزموونێکی سۆزداریی بە شیعر دەربڕن. بەدرێژایی مێژوو رابەرانی ئەو بزووتنەوەیە هەستی دەروونییان خستۆتە دوو توێی شیعر و چامەی گەورە گەورەی شیعریەوە"(عبدالکریم:١٩٩٧:٢٢١)، بۆیە دەکرێت بگوترێت، کە سۆفیگەری ئەو قوتابخانە ڕەوشتی و مۆرالییەیە، کە لەپاڵ وانەی خواپەرستیدا لەپاڵ گوتنەوەی وانەی ئەدەب و چۆنیەتی هەڵسوکەوت و حورمەت و نەزاکەت و ڕێز و فێرکردنی کۆمەڵێک دابونەریت و ڕەفتار و گوفتاری جوان و بەجێ و کارکردن لەسەر دروستکردنی بنیادەم بە سروشتێکی جوان و جوانترین، کە بەشێکە لەپێکهاتەی ئادەمیزاد،ئەرکی تەسەوف پەروەردەکردنی ئادەمیزادە و داماڵینەیتی لەخووڕەوشتی ئاژەڵیانە، گۆڕینی بۆ ئاکاری بەرز و کردەوەی جوان، قوتابخانەیەکە دەروێش یان موریدەکانی فێری نووسینی شیعر و هەڵڕشتی هەناوی پڕئازار و دووری لە مەعشوق و عەشقی ئیلاهی دەکات. ئەوانە کە لە دونیای شیعردا دوورنەبوون و بە شیعر دڵیان جۆش و خرۆش کەوتووە، بەتایبەتییش سۆفییە کوردەکان لەڕێگای کاریگەری و کارتێکردنەوە بەرهەمی ئەدەبی سۆفییانەی زۆربەرزیان لێوەدەست هاتووە، هەروەکو شاعیرانی سۆفی نەتەوە جیاوازەکانی تریش لەڕێگەی شیعرەوە کڵپە و سۆزی دەروونیان دامرکاندۆتەوە، بۆنموونە"( مثنوي) ی (جلال الدین)ی ڕۆمی دیارترین نموونەی ئەو حاڵەتەیە، (منطق الطیر) ی فەریدەددینی عەتتار و ( مەم و زین) ی ئەحمەدی خانی. شیعرەکانی مەولەوی تاوەگۆزی و مەحوی سیمبولیکی تری ئەو حاڵەتەن"(عبدالکریم:١٩٩٧:٢٢١)،لەبەر ئەوە ئەم شێخانە هەم ڕەمزی نەتەوەیی و شۆڕشگێری هەمیش زانا و سۆفی و ڕۆشنبیر،کە لە چەند سیفەتێکدا هاوبەشیان لەگەڵ باشترین دروستکراوەکانی خودا دا هەیە، کە لە هەژاریدا هەژاری عیسایە. سەبری وەکو سەبری ئەیوبە و ئەمین و نیەت پاکی وەکو پێغەمبەری مرۆڤایەتی وەهایە.

شاعیریەتی سۆفی و شیعریەتی شیعرەکانی لە ڕێگای دەقەوە هەموو بابەت و لایەنەکانی بوون (الوجود) ڕاڤەدەکات، لەپلەی باڵادا خۆی دەبینێتەوە. دوای ئەزموونکارییەکی ورد بەشێوەیەک لە شێوەکان پێوەندی لەگەڵ نائامادەییەکاندا بە وشە و دەلالەت و وێنەی نادیار دروست دەکات و دەقێکی داخراو دەخاتە بەردەست، چونکە" باسی ئەزموونێکی شاراوەی نادیاردەگێڕێتەوە، ئەگەر چی ئەزموونێکی باڵایە و ڕەگی لەنێو کاتدا داکوتاوە، ناتوانین بیخەینە چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە، ئاخر ئەزموونێکە سنوورەکانی هێزی زمان تێدەپەڕێنێت، لەو ئەدەبەدا بڕێکی دیاریکراوی وشە، بەرامبەر بڕێکی نادیاریکراوی ئەزموون دەوەستێتەوە، زمان لەنێو دونیادا لەدایک دەبێت، ئەزموونیش لەودیو دونیادا"(علی:٢٠٢١:٢٨١)، لەبەرئەوەی شیعر هەرلەسەرەتاوە گەڕانە بەدوای ڕاستیدا، بەتایبەتیش شیعری سۆفیگەری و شاعیرە سۆفییەکان لەڕێگەی زمانەوە بۆ گەیشتن بەناسینی خود و خالق بەدوای ڕوحانییەتەوە بوون. بەشێوەیەک لە شێوەکان شیعری سۆفیگەری تێپەڕیوونە بە ئەزموونێکی قووڵی ڕۆحی و ڕۆچوونە بە ناخ و دەروون بەرانبەر خالق و توانەوە لەعەشقی ئەودا، لەگەڵیشیدا لەڕێگەی تەریقەتەوە گەیشتنە بەحەقیقەت، ئینجا نووسینی ئەو دەقە شیعرییەش دەربڕی هەست و ئەندێشە و خەیاڵە لەپشتی دال و مەدلولدا.

## ٢. سەرچاوەی ڕۆشنبیریی و ئایینی (حەریق) و هەندێك لە ئاماژەکانی سۆفیگەریی

### ١.٢ سەرچاوەی ڕۆشنبیریی و ئایینی (حەریق)

(حەریق)وەکو شاعیرێکی کۆن(کلاسیکی)،کە ناوی(ساڵحی کوڕی مەلا نەسروڵڵا لە گوندی زێویەی ناوچەی سورداشی سلێمانی لە دایکبووە. لە قەرەداغ و بیارە و پێنجوێن و دواتر لای شێخی بورهان لە موکریانێ بۆ خوێندن ماوەتەوە. (خەزنەدار،425،2004) لە خانەقای شێخی بورهان مۆڵەتی تەریقەتی نەقشبەندی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp203-211

وەرگرتووە. سەرچاوەی ئاینی و ڕۆشنبیرییەکەی بریتی بووە لە پێوەندی قووڵی لەگەل ئیسلام و چەمکە ئاینی و فەلسەفیەکاندا. هاوکات لەگەڵ زانیاری و ئاشنایەتیشی لەگەڵ کولتور و بەها بەرزەکانی کۆمەڵی کوردەواری و کلتوری نەتەوەکانی عەرەب و فارسدا بووە. بەگشتی سەرچاوەی ئاینی و ڕۆشنبیری حەریق وەك هەموو شاعیرانی کۆن لە حوجرە خوێندوویەتی و بە ناچاریبابەتەکانی زانسنە ئیسلامییەکانی خوێندووە،وەکو زانستی کەلام و مەنتیق و فیقهی زمان و صەرف و نەحوی زمانی عەەبی و لەپاڵ ئەمەشدا شاعیران بۆ ئاشناییان لەگەڵ نموونە باڵاکانی ئەدەبیاتی فارسی غەزەلەکانی حافیز و حیکایەتەکانی سەعدی شیرازییان خوێندووە.بۆیە سەیر نییە مەلاکان دوای وەگرتنی ئیجازەی مەلایەتی زمانەکانی عەرەبی و فارسییان زانیوە و بەشێك لە شاعیرانی کۆن بە تایبەتی بە زمانی فارسی بەشێك لە شیعرەکانی خۆیان بەو زمانە نووسیوەو شانازیشیان بەوە کردووە،کە دەتوانن توانا و ئەزموونی خۆیان بەو زمانانە تاقیبکەنەوە، لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەی هەردوو ڕەهەندە کە بەو شێوازە بووە:

1. حەریق پەروەردەی ئایینی ئیسلامی بووە و هەروەکو شاعیرانی کلاسیکی کورد بە گشتی پەروەردەی مزگەوت و حوجرە بوون و زانستە گشتییەکان و زانستە ئیسلامییەکانیان هەر لە مزگەوت لای مامۆستا گەورەکان وەرگرتووە، کە هەموو ئەحکام و شەریعەتی تێدا فێربووە، (حەریق)یش زۆربەی شیعرەکانی لەو ڕوانگەیەوە نووسیووە.. ڕیتمی شیعرەکانی پەیوەندییەکی قووڵی لەگەڵ ئایینی ئیسلامی و بنەماکانی ئەو ئایینەدا هەیە.

2. حەریق زانیاری و ئاگاداری لە کلتووری کوردی و پەیوەندییە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی فارس و عەرەب بووە. شیعرەکانی پڕن لە ئاماژە و ئەزموونی ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی و فارسی. هەروەها دەربڕینی بیروڕا و پەڕاوێزە فەلسەفی و دیدگا تایبەتییەکانی لە شیعرەکاندا دیارە.

## ٢.٢ پراکتیزەکردنی ئاماژەکانی سۆفیگەریی لە شیعرەکانی (حەریق)دا

خوداناسین کاری لە پێشینەی هەموو تاکێکی خواپەرستە، کە ئەویش سەرەتا لەسەر بنەمای ناسینی خود و زاتە، مەبەست لێرەدا ئەوەیە،کە سەرەتای هەر کارێك مرۆڤ دەبێت خۆی بناسێت واتە لە ڕوانگەی خودناسیەوە بڕیار لەسەر شتەکانی دەوروبەری خۆی دەدات و ئامادەسازی دەکات، ئەوکاتەش ڕێرەوێك یان دەروازەیەك دروست دەبێت بۆ گرتنەبەری هەر ڕێباز و مەزهەبێك، بەتایبەتییش ڕێبازی خوداپەرستی، "هەندێك لە عاریفان بەشێکیان تەرخانکردووە بۆ ناسینی مرۆڤ، لەسەربنەمای ئەو فەرموودەیەی، کـە دەفەرموێت: ئەوەی خودی خۆی ناسی ، خوداش دەناسێت . لێرەوە مەعریفە و ناسـین و زانینی مرۆڤ دەبێتە یەکـەمین هەنگاوی ڕۆیشتن بەرەو خـــوداناسین"( کەسنەزانی، بەرزنجی: 2023 ،35 ) حەکیمانە جەختیان لەسەر گرنگی خۆناسین دەکردەوە، چونکە پێیانوابوو ئەمە یەکەم هەنگاوە بۆ گەیشتن بە زانستی خودایی و توانای باشتر تێگەیشتن لە خودا، کەسێك ئەگەر بە یەقینەوە باوەرە بە بوون و هەبوونی تاك و تەنهایی خوداوە نەبێت لەم کەونەدا مەحالە نەچێتە ژێرباری فەرمانەکانی و ملکەچی نەکات، بەتایبەتییش ئەو یەقینە لەسەر بنەمای ناسینەوەیە، کە بۆ مورید و عاریف و جاهیدەکان، کە بە عەشقێکی حەقیقیەوە لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە زاتی پەروەرگار.

سەرەتا ئەگەر هەندێك لە ئاماژە و دەلالەتەکانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی (حەریق)دا دیاری بکەین، دەبێت بڵێین، کە هەبوونی هەندێك ئاماژە یان بەکارهێنانی هەندێك زاراوە و وێنە و دیمەنی تەسەوف و سۆفیگەریانە لە شیعرەکانیدا، مەرجی بوونی حەریق نییە وەکو شاعیرێکی سۆفی یان موریدێکی شێخانی تەریقەت ، ئەگەرچی زۆربەی زۆری ئاماژەکان ئەوە نیشان دەدەن، کە حەریق یەکێک بووە لە شاعیرانی سۆفی هەر وەکو خۆی لێرەدا دانی پێدادەنێت:

لەخۆت و جەددی خۆت و نەسلی پاکت چاوەڕێی لوتفم
لەڕێی حەق دا مەعینم بن لە غەوغای ڕۆژی یالەیتە
بەشاهید بن سەگی قافڵەی تەریقی ئال و ئەسحابم
هەمیشە گۆی قولاغی بانگی هەی هەیم و سەدای هەیتە
بە ئیستیمدا دولوتفی "بابەشێخ" و هیممەتی کاکی
گرو گاڵی دەکەم تا بڵێین لە چاوکوێر و شەلان پەیتە
کەسێ ساڵح بێ بۆ زیکر و دوعا گۆییت بەبێ چاوی
هەزارچاوساغی وا دیێ بەچاو زیندوو بەدڵ مەیتە
(ئەنیسی:١٣٦٨:١٢٦)

لەبەرئەوە دەکرێ بگوترێت، کە شاعیرانی کلاسیك بەگشتی و حەریق بەتایبەتی پەروەردەی حوجرە و مزگەوت بوون بینینی یان هەستپێکردنی ئەو دیمەن و وێنە و مەبەستە شیعیریانە لە شیعرەکانیان شتێکی ئاسایی دەبێت، بەڵام لەگەل ئەوەشدا دەتوانین بەدەستنیشانکردنی هەندێك لە مەقام و حاڵەکان لەشیعرەکاندا جەخت لەسەر ئەو لایەنە بکرێتەوە، لەسەرەتاشدا لە مەقامەکانەوە دەستپێدەکەین:

**1- مەقامەکان:**

دیارە مەقام بەواتای شوێن و جێگا دێت، وشەکە عەرەبییە و لە قورئاندا لە جێگای جیاوازدا هاتووە، لە سۆفیگەرییدا مەقام بە واتای وێستگەکانی وەك تەوبە و پەشیمانی و هۆشیاری و سەبر و زاهید و متمانە و ڕازیبوون دێت، ئەو کاتەی عاریف لە گەشتە دوور و درێژە ڕوحییەکەیدا لە هەر شوێن و جێگایەك بۆ پشووێکی کورت تێیدا دەمێنێتەوە، کە لە ئەنجامی ئەو سەفەرەیدا دووچاری شەکەتی و هیلاکەت بووە ئنجا "مەقام بە هۆی کۆشش و وەرزشی قورسەوە بەدەست دێت، واتە شتێکی خواییە و لە خۆوە نییە، ڕبوار هەر مەقامێکی تەواو کرد بەرەو مەقامێکی تر دەڕوا، مەقامەکانیش بە گشتی ئەم حەوتەن: التوبه، الورع، الزهد ، الفقر، الصبر، الرضا، التوکل" (عوالقادر: 2018 ،82).

**أ-تۆبە و پەشیمانی:**

تۆبە وەکو زاراوەیەکی مەقام ئارا بە یەکەمین وێستگەی سالیك دادەنرێت، چونکە سەرەتا بە تەوبە و پەشیمانی لەو تاوان و گوناهانەی ئەنجامی داون دەستپێدەکات و بڕیاری ڕۆیشتن و گەیشتن دەدات،مەقامی تۆبە بریتیە لە" وازهێنان و گەڕانەوە لەو شتە جیهانییانەی، کە ڕێگای گەیشتن بە خوا دەگرن"(شوان:35:2001)، ئەم وازهێنانە لای مورید و سالیك هۆکارێکە بۆ بەرزبوونەوەی پلەی بەندایەتی ، کاك ئەحمەدی شێخ دەڵێت:"ئەی مسوڵمانان ئەی موریدان چ قادر و چ نەقشبەندییە، بزانیین کە یەکەمین مەنزڵ لەمەنزڵەکانی سالیك، یەکەمین مەقام لەمەقامەکانی تالیبی دین و ڕزگاری، تەوبەیە، سلوکی موریدان بەبێ تەوبە نابێ"( شێخ:270:1984)، ئنجا ئەو جۆرەی مەقام لەلای (حەریق) و لە دیوانەکەیدا چوار جار بە واتاکانی(تۆبە ، پەشیمانی) هاتووە، بۆنموونە لەم بەیتەدا حەریق دەڵێت:

خەیاڵت مونحەسیر بوو ئەی دڵەی غافڵ لە دنیایە
نەدامەت بوو نەتیجەی ئاخری ئەم شۆرە غەوغایە
(ئەنیسی:١١٧: ١٣٦٨)

یان لە بەیتێکی دیکەدا دەڵێت:

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp203-211

هەتاکەی تۆ لە غەفلەتدا دەنۆشی ژەهری خامۆشی
ئەگەر عەلت هەبێ بەسیە زەمانی جەهل و نادانی
وەکو شانە هەتا جەمعە خەیاڵت بۆ پەرێشانی
بە دیدارت قەسەم ئاخر پەرێشان و پەشیمانی
(ئەنیسی:١٣٦٨:١٢١)

حەریق لە ڕێگەی مەنەلۆگی ناوەکی گفتوگۆ لەگەل نەفسی خۆیدا دەکات و بێ هیچ بەربەست و سانسۆرێك ئەوەی دڵی باسدەکات، بێئەوەی گوێ بداتە ئەوەی کەسێك هەیە گوێی بۆ ڕاگرێت، واتە لە ڕووی دەروونییەوە وەکو ئارامییەکی دەروونی پەنا دەباتەبەر لۆمەکردنی نەفس و هەوای خۆی لەرێگەی چەند پرسیارێك، کە هەتاکو کەی واز لە گوناھ و تاوان ناهێنێ و لە غەفلەت و نەزانین و جەهلدایە بە مات و بێدەنگی ژەهر دەنۆشێت، بەلام لە کۆتاییشدا ئەم سەرگەردانی و پەرێشانییە دەبێتە هۆکاری پەشیمانی و تۆبەی لێدەکات و تەرکی هەموو ئەو گوناهانە دەکات، کە لە خودا دووریان دەکاتەوە، بەلام دیسان مەرج نییە لەسەر ئەم تەوبەیە بەردەوامی هەبووبێت و دووبارە نەگەڕابێتەوە سەرئەو کارانەی لە هەوا و نەفس و شەیتان نزیکی دەکاتەوە، لەبەر ئەوە هەڵگرتنی تەوبە کارێکی وەها سانا نییە .

**ب-مەقامی وەرع:**

وەرع واتە خواپەرستی و تەقوا و ملکەچی بۆ فەرمانەکانی خوای گەورە و خۆپاراستن و وازهێنان لە تاوان و گوناهکاری " وەرع بریتیە لە خۆپاراستن و هەڵخلیسکان لە ڕێگەی شەریعەتدا و بە وردی پرسینەوەیە لـــە حەلال،لە حـــەڵاڵ و حەرام و پارێزگاریکردنیشە لە شـتی گومـانلێکراو"(قليونى: 2014: 344)،حاڵەتێکە لە مرۆڤدا دەبێتە هۆی پاراستنی لە گوناھ تەنانەت وازهێنان لە حەڵالکراوەکانیش لەو کاتەی گومانی حەرامکراوی هەڵدەگرێت، پێغەمبەر دەفەرمووێت (الورع سيد العمل) واتە وەرع گەورە و وەستا و رابەری هەموو کارێکە، وەرع تەرککردن و وازهێنانە لە گوناھ و تاوان هۆکارێکە بۆ بەدەستهێنانی دونیاکەی تر و گەیشتن بە خودا، بەوەی هەرچی زیان و زەرەری بۆ قیامەت هەیە مرۆڤ خۆی بە دوور دەگرێت، واتە کۆی گشتی شتە حەرامکراوەکان" بۆیە پێویستە لەسەر هەموو ڕێبوارێکی هەموو تەریقەتێک خۆی بپارێزێت

و دووربکەوێتەوە لە گومان و شوبهەکان و ترسی هەبێت لەوەی بکەوێتە ناو حەرامکراوەکان" (المدني:٢٠١٥:٣٦٠).

**ج- مەقامی سەبر و ئارامگری:**

وشەکانی سەبر و ئارامگرتن دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ گوێڕایەڵی و ملکەچبوون بۆ فەرمانەکانی خودای گەورە، یان ئارامگرتن لەسەر هەموو ئەو قەدەر و کارەساتە ناخۆش و پڕئازارانەی دووچاری مرۆڤەکان دەبنەوە،" سالیکی خواناس بە حەوسەڵە و بەتاقەتە، لەهیچ شوێنێك پەلەی نییە، چونکە هەردەم کاری ئەو زیکر و یادی خوایە، لەهەرجێگایەك بێت سەرقاڵی کاری خۆیەتی،کاتێکیش بەلا بەئاوقەی دەبێت، وەك تاقیکردنەوەی خودای، دەبێت ئارامگر بێت لەسەری بیر لە حیکمەت و کاری پشت ئەو بەلایە بکاتەوە"(کەسنەزانی، بەرزنجی:2023:55)، لەبەرئەوە لەرووی تەقواوە مرۆڤی تەندروست و سەلامەت ئەو کەسەیە، کە ئەو دەرد و بەلایانەی خوای گەورە بۆی دێنێتە پێشەوە سەبری لەسەر دەگرێت و نارەزایی دەرنابرێت گلەیی لە حاڵی خۆی ناکات و دەکەوێتە ژێرباری واقیعەکەوە، ابن عەتا دەڵێت"سەبر واتە راوەستان بەرامبەر بە ناخۆشی و ئازار بە ڕەوشتێکی جوان، وە دەگوترێت کە توانەوە و ڕۆچوون لە ناخۆشیدا بە بێ دەرکەوتنی هیچ شەکوا و گلەییەك"( الحفنی:1987:148)، سەبر لە ژیانی مرۆڤدا مانایەکی قووڵ و فراوانی هەیە، ئەم چەمکە پەیوەستە بە توانای مرۆڤ بۆ بەرگەگرتنی ئازار، سەبریش بە سیفەتێکی جوان و بەرز دادەنرێت، چونکە پێویستی بە هێزێکی زۆری دەروونی هەیە.

لەکۆی دیوانەکەیدا حەریق وشەی "سەبر"ی چوار جار بەکارهێناوە، کە واتاکە هەر ئارامگرتنە، بەلام مەبەستەکە جیاوازە بەوەی، کە ئەگەر ورد ببینەوە لەکۆنتێکستی دەقەکەدا دەردەکەوێت، کە (حەریق) بە پێچەوانەی عاریف و زاهیدان ڕۆڵی کەسایەتییەکی ئارامگر و سوپاسگوزار نابینێت، لەبەرامبەر هەوا و خۆشییەکی دونیایی سەبر و ئارامی لێبڕاوە، ئەگەرچی لەم بەیتەی خوارەوەدا ئاراستەکەی هەندێك دەگۆڕێت و بێچارە و بێدەسەلات دۆش داماوە هیچ تروسکاییەك بەدی ناکات جگە لە ئارامگرتن نەبێت، دەڵێت:

زانیومە کە سوئی ئەدەبە شیکوە لە ئاواڵ
چبکەم دەسەڵاتم نییە بێ سەبر و سووباتم
(ئەنیسی:١٣٦٨:١٥٥)

**د- مەقامی شوکر و سوپاسگوزاری:**

سوپاسگوزاری و شوکرانەبژێری ناوێکە لە ناوەکانی خوای گەورە "الشكور، الشاكر" سیفەتێکە، کە زۆر گرنگە سیفەتی هەموو کەسێك بێت، دانان بە نیعمەت و پێداوەکانی خودا هەم لە ڕووی جەستەیی و دەروونی سەلیم و تەندروستەوە، هەمیشە لە هەموو ئەوپێدراوە جیاوازانەی کە لەو سەردەمەی تێیدایە و پێیدا تێپەردەبێت "سوپاسگوزار ئەو کەسەیە کە سوپاسگوزارە بۆ بەخشین، سوپاسگوزار کەسێکە، کە بێتوانایی خۆی لە سوپاسگوزاریدا دەبینێ، ئەو کەسەیە کە ئەوپەڕی توانای خۆی لە دەربڕینی سوپاسگوزاریدا بەدڵ و زمان و ئەندامەکانی لە باوەڕ و دانپێدانان و کرداردا دەخاتە گەڕ"( الحفنی :1987: 141)، ڕادەی سوپاسگوزاری شوکرانەبژێری ڕێژەییە لەلای هەموو کەسێك وەکو یەك نییە و دەگۆڕێت بۆ نموونە دەرد و بەلایەك بۆ کەسێکی ئاسایی و سوپاسگوزار دێتە پێش، کە کەسێکی شاکر و شوکرە، بەلام ڕێژەی ئەو سوپاسگوزارییە بۆ هەمان بەلا لای عاریف و دەروێشێك زۆر زیاترە، کە ئەویش یەکێکە لە مەرجەکانی بەرزبوونەوەی پلەی بەندایەتی و مەقامەکەیان بەرزتر دەبێتەوە بە گوێرەی ئەو حاڵ یان حاڵەتەی پێیدا تێپەردەبن، ئنجا ڕابەرانی تەریقەت دەڵێن"شوکرانەبژێری ئەوەیە، لەکاتی بەلا و نارەحەتی و ڕەزالەتدا بکرێت، نەك لەکاتی شادی و دڵخۆشی.سالیکان پاش بڕینی ئەم مەقامەش ڕادەسپێردرێن پێنج فەرزە پاش هەموونوێژێك سوجدەیەکی شوکر و سوپاسگوزاری بۆ خودا ببەن، تاوەکو ئەدای ڕێز و نەوازشیان بۆ پەروەرگاریان کردبێت کە بەشایستەی ئەوەی زانیون و پێی ڕەوا بینیون کە بێنە ناو بازنەی تەریقەت"( کەسنەزانی، بەرزنجی:2023:57).

حەریق لە دیوانەکەیدا لە لە چەند بەیتێکی جیاوازدا وشە و واتاکانی سوپاسگوزاری لە شێوەی جیاجیای (سەنا، حەمد، شوکر، هتد......) بەکارهێناوە. بەکارهێنانی کەرەستەکانی زمان لە سەردەمێکدا، کە زمانی کوردی زۆر باو نەبووە لە جێی ئەوە زمانەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی جێگای نووسین و ئەدەبیاتی گرتۆتەوە، بۆیە ئەم زاراوە عەرەبیانەش کە ناوەڕۆکێکی سوپاسگوزاریانەیان هەیە کارەکە تەواو دەکات، لەبەر ئەوە هەموو ئەو وشە و واتایانە لە چەند بەیتێکی شیعری (حەریق)دا دەردەکەون. هەربە هەمان واتای شوکرانەبژێری و سوپاسگوزاری هاتوون، دەڵێت :

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp203-211

تەئیمەی هەر سەڵات و خاتیمەی حەمد و تەحییەی حەق
سەنا بۆ ئاڵ و بەیتە، باقی هەر ئەفسانە و بەیتە
(ئەنیسی:١٣٦٨:١٢٦)

هەروەها دەڵێت:

ڕۆح و دڵ و دینت هەیە هەرسێكی حەریق
سەرفیكە لە ڕێی وەسف و سەناجوێی محەمەد
(ئەنیسی،1368، 68)

**ب- حاڵەكان:**

زاراوەی "حاڵ" لە "حال" ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، ئەویش لە تەسەوفدا واتای زۆر و جیاواز لەخۆدەگرێت، كەبە هۆكاری ڕۆچوون یان نقوومبوونی دەروێش یان سالیكە بە زیكر ویادی خوا، لەوكاتەدا بۆهاتێكی لەناكاو و بێ ویستی ئەو كەسەیە "كە دەگەڕێتەوە بۆ سیفاتەكانی وەك خۆشی، خەم، فراوانبوون، یان بچووكبوونەوە، دەگوترا مەرجەكان ئەو بەخششانەن،كە لەلایەن پەروەردگارەكەیەوە بەخشراون بە بەندە یان هاتنە لایان وەكو میراتێك بۆ كردەوە چاكەكان،كە ڕۆح چڕدەكاتەوە و دڵ پاكدەكەنەوە"(الحفني:1987:73). زۆرجار دەبینرێ، كە لە كۆڕی تەكیە و خانەقاكاندا لە كۆبوونەوەی دەروێشەكاندا هەر كەسێك بە شێوازێك دووچاری ئەم حاڵە دەبێت و بە شێوەیەك تێیدا دەردەكەوێت، كە ڕاستەوخۆ دەزانرێت ئەو كەسە یان ئەو سالیكە لە حاڵەتێكدایە خۆنەویستانە پێیدا تێپەڕدەبێت. "بەڕای زۆربەی كەڵە سۆفییەكان لەوانەش جونەیدی بەغدادی حاڵ بەردەوامی بۆ نییە، وەكو بروسكە پەیدا دەبێ و دوایی ون دەبێت، هەندێكیشیان لەوانە موحاسیبی ڕایان وایە، كە حاڵ بەردەوامی بۆ هەیە)"(شوان:2001:65)، كەواتە حاڵەكان بە جۆراو جۆریان بەگشتی وەكو تیشكێك بە خێرایی دێت و بەهەمان خێرایی تێپەردەبێت و نامێنێت. ئەویش بەبەردەوامی لەگەڵ ئەو سەفەرەی دەروێشدایە و لە هەر كۆڕ و و دانیشتنێكی دەروێشانە گوزەر دەكات، ناوەكانی "لامع، لایح، تالع، تارق .....هتد" هەریەكێكیان كاریگەری لەسەر ئەندامێك یان بەشە ئەندامێكی عاریف و سۆفی دەكەن. جارێك دڵ و جارێك ڕۆح و جارێكیش نەفس، دواجاریش لە ئاكار و ڕەفتاری ڕەنگدەداتەوە، بۆ حاڵەكان" 10" جۆری دیاریكراو دەستنیشانكراون ئەگەرچی لە هەندێك لە سەرچاوەكاندا هەندێك حاڵەتی دی بۆ زیادكراوە، لێرەدا بەقێی ڕەنگدانەوەی جۆرەكانی حاڵ لە دیوانی (حەریق)دادەخەینەڕوو:

**1-حاڵی قورب و نزیكی:**

ئەم حاڵەتە بریتییە لە هەستكردن بە نزیكایەتی و نزیكبوونەوە لە پەروەردگار،بە جۆرێك سالیكانی تەریقەت لەو حاڵەتەدا بڕیار لەسەر توانەوەی خود یان نەفسی خۆیان لەبەرامبەر زاتی پەروەردگار دەدەن. لە قورئانی پیرۆزیشدا لە چەند ئایەتێكی جیاواز باسی نزیكی خودا دەكرێت، لە ئایەتێكدا خوا دەفەرموێت{اذا سالك عبادي عني فاني قريب}( سورة البقرة، 186). (حەریق)یش وەكو شاعیرێكی كلاسیك(كۆن) ئەگەر سۆفییش نەبووبێت، بەڵام هەندێ زاراوەی یان ئاماژە و خەسڵەتی سۆفییاتی لە بەشێك لە شیعرەكانیدا دەردەكەوێت، بۆ نموونە لە حاڵی قوربدا حەریق دەڵێت:

هەرچەندە بە جیسمانی كە دوورم لە حوزوورت
ڕۆحانیەتت سەبتە لە نێو زوبدەیی دڵما
تۆفانی سروشكم چووە سەر ((جوودی)) ی وجوودم
كەشتی تەنی تیا نوقمە، نە (نوح) و نە ئەسەر ما

قوربت سەبەبی بوعدە لە یار و لە دیارم
ڕازیم بە جەفا گەر بە وەفا بێیە دیارم
(ئەنیسی:١٣٦٨:١١٩)

**2-حاڵی موحیبیەت و خۆشەویستی:**

موحیبیەت و خۆشەویستی لەسەرەتای دروستبوونی دونیاوە فیترەتە. هەروەها ژیان لەسەر بنەمای خۆشەویستی ڕۆیشتووە, واتە هیچ كاتێك مرۆڤ نەیتوانیوە بەبێ خۆشەویستی ژیان بكات، لەسەرووی هەموو خۆشەویستیەكیش خۆشویستنی خودایە، كە پێویستە و دەبێت پڕ بە دڵ خۆشەویستی پاكی بەندە بێت بەرامبەر پەروەدگار. خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت{«وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادا يُحِبُّونَهُم كَحُبِّ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا أَشَدُّ حُبّا لِّلَّهِ» ( سورة البقرة: ١٦٥).

حاڵی خۆشەویستی لەلای مورید و سۆفییەكان زۆر جیاوازە. لای ئەوان خۆشەویستی و موحیبیەت تەنها و تەنها بۆ زاتی پەروەردگارە و بەشێوەیەك پیرانی تەریقەت دەڵێن: "كە بنەڕەتی هەموو مەقام و حاڵەكان، موحیببەتە، چونكە هەموو مەقامەكان لەژێر ناونیشانی موحیببەتدا جێیان دەبێتەوە، هەموومەقامەكان یان ئەوەتا هۆكاری گەیشتن بە موحیببەتن، یان بەرهەمی موحیببەتن، وەك شەوق، ترس و تەما، زوهد، سەبر، ڕەزا، پشت بەستن بە خودا، یەكتاپەرستی" (كەسنەزانی، بەرزنجی: 3023، 59) حەریق لە شیعرێكدا جگە لە وشەی موحیببەت هەندێك وشە و دەستەواژەی سۆفیگەریانە بەكاردێنێت، كە ببێتە بەڵگە و دەلیلێك بۆ سەلماندنی سۆفیزمی خۆی، لەگەڵیشی خۆشەویستی و موحیبەتی خۆی دەردەبڕێت و بەجۆرێكی دی گوزارشتی لێدەكات:

بەم هەیئەتی دەروێشییە ڕازیم و ڕەقیبان
دەستم لە یەخە ناكەنەوە چەندە شەرارن
عاریز بوو لەسەر عاریزییان زولفی پەرێشان
بیعەینە حاڵ و مەحەل، لەیل و نەهارن
پەیوەستە وەكو دەستەگوڵی، باغی جینانن
وەك غونچەی نەشكوفتەیی نەورۆز و بەهارن
ئەمما لەگەڵ ئەم حوسنە نییە حوسنی وەفایان
حەیفێ كەلەسەر ڕەنجی دڵی عاشقی زارن
لەوحی دڵیان سادە لە میهر و لە وەفایە
بێ میهر و موحیببەت هەموو بێ شەرت و قەرارن
(ئەنیسی:١٣٦٨:١٦٧)

**3 -حاڵی ترس و خەوف:**

ترس حاڵەتێكی دەروونی و فسیۆلۆژییە. لە ماوەی ژیانیدا مرۆڤ بە شێوازی جیاواز دوچاری ترسی جۆراو جۆر دەبێتەوە. ئەوجۆرە ترسە لەم حاڵەدا جیاوازە لە هەرجۆرە ترسێكی دی، لەبەرئەوەی ئەم حاڵە پێوەندی بە خەوفی خوداوە هەیە. خەوفێك،كە لە ئەنجامی ملكەچ نەبوون و كەمتەرخەمی لە هەموو ئەو ئەرك و یاسایانەی خودای گەورە بۆ بەندەكانی خۆی واجبی كردووە، بەواتایەكی دی ئەم ترسە شەرمكردنە لە ئەنجامدانی كاری خراپە و تاوان و گوناهكاری، چەشتنی ئازار و تلانەوەیە، شەرمەزاری و بارێكی قورسی دەروونییە، تۆقینە، هەلسلەمینەوەیە، ئەو كاتەی مورید بەرامبەر بە زاتی پەروەردگار تروسكاییەكی ئومێدی لە دڵدا نامێنێت و دووچاری ڕەشبینی دەبێت. پیرانی تەریقەت دەفەرموون"ئەوەی زیللەت نەبینێت

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp203-211

تاجی عیززەت لەسەرناکات، لای ئەهلی شەریعەت ترس لە کار و کردەوەی بەد و کەموکورتییە، کە خودا لەو دونیا بەر سزای دۆزەخی بخات، ئەمەش وەیادهێنانەوەی جەبەرووتی خودایی و سیفەتی جەلالی و قەهر و تورەیی و غەزەبییەتی"(کەسنەزانی، بەرزنجی:2023:61)، ئینجا ئەو ترسەی سالیك لەوانەیە لە رووی چەندییەتی و چۆنیەتییەوە جیاوازی هەبێت لەگەڵ ئەو ترسەی لەلای حەریقدا بوونی هەیە، چونکە جەوهەری ئەو حاڵەی مورید یان دەروێش بۆ پێکانی ئامانجێکە، بەڵام ئەوەی لای (حەریق)،کە خۆی موریدی هیچ تەریقەت و شەریعەتێك نەبووە وەها شێوەیەك نییە، ئەگەرچی ئاماژەیەکی سۆفیگەرییانەش دەبەخشێتە شیعرەکە و دیوانەکەشی. بۆ نموونە دەڵێت:

خۆفم لەخودا چونکە لەبەر غەیری خودایە
ئەمنم بە درۆ سوورەتی وەك خەوف و ڕەجایە
پاڵی ڕەحەتی داوەتەوە نەفسی خەسیسم
یا ئەمنی غەنا یا ئەسەری یەئس و هەوایە
(ئەنیسی:١٣٦٨:٥)

**-حاڵی شەوق و تاسە:**

حەسرەت و تاسە و تامەزرۆیی عاشق بۆ مەعشوقەکەی لە سۆفیگەریدا حاڵەتێکە وەکو حاڵەتێکی ئاسایی نییە، کە لە نێوان دوو مرۆڤی ئاسایی یان دوو ڕەگەزی جیاوازدا هەیە، بەڵکو تاسە و جۆش و خرۆشی مورید بۆ یارەکەی، کە پەروەردگارە بێئارامی و بێهودەیی و توانەوەیە لە عەشقی ئیلاهیدا. "هەیەجانی دڵە لەکاتی ناوهێنانی مەعشوق یان مەحبووب، کە لە دڵی عاشقدا وەکو فتیلەی چرایەکدا وایە خۆشەویستیش وەکو ڕۆن وایە لە
ناو ئاگردا، دەگوترێت کێ تامەزرۆی پەروەردگار بێت ئەوا هۆگرییەتی و بەستراوەتەوە بە عەشقی خودا.....جیاوازی نێوان شەوق و ئیشتیاقیش ئەوەیە،کە شەوق لەکاتی دیداردا جێگیر دەبێ و تەسکین دەبێ، بەڵام ئیشتیاق بە دیدار دانامرکێتەوە و زیاتر دەبێت"(الحفنی:1987:142)، حەریق دەڵێت:

لەگەڵ هەر زەڕڕە بۆ جیلوەی جەلای میهری جیهان ئارا
لە شەوقی موشتەری، نوری قەمەر وەك زوهرە سەییاری
(ئەنیسی:١٣٦٨:١٣٢)

هەروەها دەڵێت:

لە شەوقی گوڵ، لە زەوقی مول،عەجەب سەرخۆشن ئەهلی دڵ
دەوێژن تایفەی خوبان مەگەر جەننەت بە دنیا بێ
(ئەنیسی:١٣٦٨:١٤٦)

**5 -حاڵی ئەنیس و هۆگری:**

هۆگربوون زاراوەیەکی ترە بۆ ڕوویەکی تری عەشق، کەسێك هۆگربێت بەواتای عاشق بووە، بە جۆرێك هەموو هەست و هۆشی لەلای مەعشوقە و خاوەنی خودی خۆی نییە، ئەنیس و هۆگریش لەلای موریدان ئولفەتە بە خوداوە، ئەوان وەها لە نێو عەشقی خوداییدا نقومبوون بەشێوەیەك كە هەموو بیر و باوەڕ و هەست و هۆشیان بۆ پێناوی خوایە، هەموو خەڵوەت و مانەوەیەکیان زۆربەی کات لە مەجلیسی زیکر و یادی خوادا دەبێت، زەننونی میسری دەڵێت" خەڵوەت و چلە دەبێتە هۆکارێك، هۆگری و ئونس زیادبکات، نیشانەی ئونس ئەوەیە کە چێژ لە خەڵوەت و خامۆشی وەربگرێت لەگەڵ خودادا، دڵتەنگبێت لەگەڵ نائەهلدا هەست بە ئارامی و دڵگوشادی بکەیت لە کاتی تەنیاییدا"(کەسنەزانی، بەرزنجی:2023:62)، ئادابی عەشق و هۆگربوون شتێك نییە هەروا بە ئاسایی شاعیریان مورید پێیدا تێپەڕ بن، دەبێت عاشق توانای هەڵگرتنی ئەو ئادابەی هەبێت، بەهەمان شێوەش بۆ موریدان کە هۆگری خودان پێوستە هەموو ئادابەکانی هۆگربوون بەخودا لەشانی خۆیدا باربکات، حەریقیش لەچەند دێڕێکدا هۆگربوونی خۆی دووپات دەکاتەوە، بۆ نموونە دەڵێت:

بۆ حزووری پیری کامل عارفی دانایی ڕاز
شەمسی ئەفلاکی هیدایەت نەجمی ڕێی هەر شەبڕەوێ
خۆ مەسەڵڵەم گەر لە غایب دەستی پیر کۆتا نییە
کەی دەبێ دەست و دڵی پیرێ لە بۆ من ڕێی کەوێ
ڕۆژ و شەو غەرقی خەیاڵم بێ ئەنس و بێ نەدیم
چاو نەماوە تا بڵێم قەت خەو لە چاوم ناکەوێ
(ئەنیسی:١٣٦٨:١٦٤)

**6 -حاڵی یەقین و دڵنیایی:**

دڵنیایی لەعیرفان و تەسەوفدا پێی دەگوترێت یەقین، لە دوای ئەوەی دەروێش دڵنیایی تەواو بە خۆی دەدات دەربارەی هەموو خەلق و مەخلووقاتی دونیا و باوەڕی تەواوی بە غەیب و زانستە نادیارەکان دەهێنێت، ئەم دڵنیاییە ڕەهاییەش دەیگەیەنێتە یەقین بە دڵەوە باوەڕ بەزانستی ڕاست و دروست دەهێنێت و بە چاوی دڵیش دەیبینێت، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزیشدا دەفەرموێت{كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ثُمَّ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ كَلَّا لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ الْيَقِينِ}( سورة التكاثر: 5)لای سالیك ئەوەیە کە هیچ شك و گومانێك بەرامبەر بە پەروەردگار و دروستکراوەکانی نییە و هیچ شتێك لە دڵیدا ڕایناچڵەکێنێ و بەرەو بەدگومانی ببات، ئنجا ئەو دڵنیاییەش پلەی بەندایەتی دەروێش بۆ پلەی بەرزتر دەبات و دەیگەیەنێتە حزووری پەروەردگار هەموو ئەو حاڵانەش لە ئەدەبدا بە گشتی و لە شیعردا بەتایبەتی بوونەتە کەرستەیەك بۆ مەبەستێکی شیعری، بەتایبەتیش شیعری تەسەوف و عیرفانی، حەریق لە چەند شوێنێکی دیوانەکەیدا ئاماژە بە دڵنیایی ڕەها و یەقین دەکات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بۆ نموونە دەڵێت :

بەقوربانت بم ئەی پیری خەراباتی جیهان ئاباد
بەشاهید بە کەوا ڕۆحم لە ڕەوهی قوربی تۆ داناوە
شەهی مولکی یەقین شاهەنشەهی دین پیری یا تەمکین
ڕەئیسی ئەولیا ڕەحمێ هەتا دڵ ڕێی نەبەستراوە
(ئەنیسی:١٣٦٨:١٧)

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتنین بە چەند ئەنجامێك، لەوانە:

- بەکارهێنانی هەندێک لە ئاماژە سۆفییەکان لە شیعر و دروستکردنی وێنە شیعرییەکان و نیشاندانیان وەکو دیمەنێکی سۆفیزمی ئیسلامی لەلای حەریق مانای ئەوە ناگەیەنێت، کە (حەریق) مورید یان دەروێشی تەریقەتێک بووە لە تەریقەتەکانی سۆفیزم. بەڵکو لە ئەنجامی خوێندنی ئایینی و شارەزایی تیۆرییەوە لە شیعردا بەکارییهێناوە .
- سەرتاپای دیوانەکەی حەریق پڕاو پڕن لە چەمک زاراوەکانی جیهانی سۆفیگەری.
- لە غەزەل و چامەکانی حەریقدا، دەتوانین هەست بە گەرمی و سۆزی ئەوینێکی

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp203-211

قووڵ بکەین کە وەک ئاگرێک لە ناخی شاعیردا دەسووتێت. ئەم ئەوینە تەنها بۆ مرۆڤ نییە، بەڵکو بۆ خوداش هەیە و ڕەنگدانەوەی خواناسی و ڕۆحانیەتێکی قووڵە.

- بەکارهێنانی وێنە و سیمبۆلە سۆفیگەرییەکان وەک "مەی"، "ساقی"، "دڵبەر" و "یار"کە مەبەستی لێیان خودا و عیشقی خودایە.

چەمکی "فەنا" یان ئاوێتەبوون لەگەڵ خودا، کە یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی سۆفیگەری، لە شیعرەکانی حەریقدا دەردەکەوێت. ئەمەش ئەوە دەردەخات حەریق لەسەر پێوەرەکانی شەریعەتە و ئیمانە.

- هەروەک زۆربەی شاعیرە سۆفییەکان،(حەریق)یش ڕەخنەی لە کەسانی دووڕوو و خۆپەرست گرتووە، کە تەنها بە ڕواڵەت خۆیان بە دیندار نیشان دەدەن.

- تێمای عیشقی ئیلاهی و سووتان لە دووری خۆشەویست (خودا) لە شیعرەکانی حەریقدا بە زەقی دەردەکەوێت.

- حەریق زمانێکی شیعری پڕ لە خوازە و مەجازی بەکارهێناوە بۆ دەربڕینی بیرۆکە سۆفیگەرییەکانی.

- هەروەک زۆربەی شاعیرە سۆفییەکان، حەریقیش ڕەخنەی لە کەسانی دووڕوو و خۆپەرست گرتووە کە تەنها بە ڕواڵەت خۆیان بە دیندار نیشان دەدەن.

- تێمای عیشقی ئیلاهی و سووتان لە دووری خۆشەویست (خودا) لە شیعرەکانی حەریقدا بە زەقی دەردەکەوێت.

- حەریق زمانێکی شیعری پڕ لە خوازە و مەجازی بەکارهێناوە بۆ دەربڕینی بیرۆکە سۆفیگەرییەکانی.

## سەرچاوەکان:

خەزنەدار، مارف(2004)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، دەزگای ئاراس،هەولێر.

شاکەلی، ئەمجەد(٢٠١٩)،خوێندنەوەیەکی سۆفیگەری و تەریقەتی نەقشبەندی، دەزگای هاوسانی، تاران.

شوان،ابراهیم احمد (٢٠٠١)، سۆفیگەری، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریان ،هەولێر.

شوان،ابراهیم احمد (٢٠١٠) مەحوی نامە،ج دووەم،چاپخانەی منارە، هەولێر.

شێخ، کاک ئەحمەدی (1984) مەکتوبات ،وەرگێرانی مەلا عەبدولکەریمی مودەرس،چاپخانەی(الحوادث)،بەغدا.

عوالقادر، فرید حمید(٢٠١٨) سوفیگەری مەولەوی،کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان،زانکۆی سلێمانی.

کەسنەزانی و بەرزنجی،بوشرا و سەباح(2023)،فەرهەنگی پیران،چاپخانەی سەردەم،سلیمانی

نقشبندی،امین شیخ علاءالدین،(١٩٨٥)، تەسەوف چییە، دار الحریة للطباعة ، بغداد.

وەسمان، محمد(٢٠١٣)، فەلسەفەی سۆفیگەری لای ئیمامی غەزالی ،ابن عەرەبی، مەولانای رومی)،چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.

عەلی ،زانیار (٢٠٢١)، رامیۆسۆفی خۆرهەلاتی ،وەرگێران،گ شعر ژمارە ١٠ چاپخانەی کارۆ.

فتاح، عبد الکریم (٢٠٠٠) تە سە وف لە نیوان ئە خلاق و مەعریفەتدا ،گ (ژیار)، ژ/٥.

هۆشمەند (١٩٩٩)، بنچینە کانی ریبازی تە سە وف گ (پیشە نگ) ژ (١٤).

ئەنیسی،سەید نەجمەدینی(1368)،دیوانی حەریق،چاپەمەنی محمدی، سەقز.

المدني،محمد بن سليمان الكردي(٢٠١٥) الاصول الدينية في شرح الرسالة العلاوية، دارالكتب العلمية، بيروت.

الحفني، عبدالمنعم، (١٩٨٧)، معجم مصطلحات الصوفية، دار المسيرة، بيروت.

القليوبي و عمرة: احمدسلامه القليوبي واحمد (1995). دار الفكر، ب ٣. بيروت.

عيسى،عبدلقادر(٢٠٠٧) ،حقائق عن التوصف، دارالعرفان، سوريا.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp203-211